بەفرکی زەر.. لە پاشخانیی شیعردا کۆکە بوون نەجمەدین سادق

لەناو ئەمەی کوردا وشە هیچ بەهایەکی نەماوە، جونکە سیاسیەکان حەیایان نەماوە. رۆژانە هەزار رەخنەیان لیدەگیرێت مەش میوانیان نییە. رۆژانە خەڵك بە ناحەق دەکوژرێت کەس نایەتە دەنگ. ئیتر چۆن زەوق و سەلیقەی خوێندنەوە ئەدەبیان لە شوێنی خۆی دا دەمێنێت و خەڵکانێك تاقەتیان دەبێت وتوێژی بابەتی شیعری کوردی هەنووکەیی بکەن؟

من دەزانم ئەم نووسینە هەر سەریشەو کات کوشتنی خەڵکە. هەرچەندە تا ئێستا بە خزمەت شاعیری ناسراو ماردین ئیبراهیم نەگەیشتووم، بەڵام لە روانگەی نووسینەکانیەوە دەتوانم دووربەدوور وەك خوێندنەرێك بەیار بەسەر رەهەندە جەراوجۆرەکانیاندا بدەم، ئەمەش مافێکی رەوای خۆمە وەك چۆن مافێکی رەوای ئەویشە بڵێت دەنگ و سەرنجی خۆی لەمبارەدا دەربڕێت.

لێرەدا وەك موتابەعەرێکی شیعرەکانی ماردین ئیبراهیم سەرنجی دوا شیعری ئەو شاعیرەم دا بە ناونیشانی (بەفرێکی زەر لە ئیگزیتەر باریبوو) لە گۆڤاری رامانی ژمارە (٢٧٤) بەاویکردبووەوە، بەڵام دەمخواست نە بینووسیایە و نە بەاوی بکردایەتەوە، بۆچی؟ ئەویش لەبەر هەیەکی سادەو ئاسان کە هیچ لایەنێکی تازەی تیا نییە بە بەراورد بە شیعرەکانی تری و لەرشدا وتوێژی ئەم حەقیقەتە دەکەین. کەواتە وەك هەندەك ناڵەم ئەم شیعرەی ماردین کاریگەری شیعرەکەی دلاوەر قەرەداغی لەسەرە کە لە ژمارە ٥١ ی ١٤/١/٢٠٢٠ ی رۆژنامەی زەماندا بەاوی کردبووەوە لە ژێر ناونیشانی (بەفرە ئەبارە لە چیا) و تیایدا دەڵێت:

بەفر پرووشە دەکا لە چیا
دونیا دەکاتە ئەوارەی خۆی
وەك سەما بکا

بەڵکو ئەو پرسیارەم لەسەرەتادا لا دروست بوو کە بۆچی (ئیگزیتەر)؟ بەڵێ

ئیگزیتەر شارەکی مەژووییە و بە پێی نەخشە دەکەوێتە ناوچەی دیقەنی وەاتی ئینگلتەراوە، لە کاتێکدا سەدان ماڵباتی کۆبەران رۆژانە سەد جار دەمرن و دۆزیانەوە کە دوعا دەکەن لەسەر سنووریکان و لە

ناو بەفردا رۆشتبوو کانیان رەق نەبنەوە یان نەکوژرێت، ئەم خەمەکی رەسەنی هەڤقوڕاو لە ناوجەرگەی تراژیدیەکانی میللەتی کوردەوەیە، ئایا هەموو ناوەکی نامە بۆ خوێنەران دەبێتە هەی ئاوەی شیعر بایەخدار بکات؟ ئەمش رەنگە لە لاوازیی کۆسایەتی تاکی رۆژهەڵاتییەوە سەرچاوە بگرێت و کە هەموو هەزو پەزو پشکۆوتنێك لە رۆژئاوادا دەبینێتەوە خەی لەیاد دەکات.
دواتر گەر بینە سەر بابەتکی تەکنیکی سەبارەت (بەفر لە ئیگزیتەر) لەناو ئەم شیعرەدا، دەبێت بپرسین ئایا ئاو گرنگی و بایەخەی هەیە (وەك بەهای شیعریی) کە نەك ببێتە ناونیشانی دەقەکەو بەس، بەڵکو ١٠ جار لەم شیعرەدا بە شێوەیەکی مانادوکەر چەندپات بکرێتەوە بەم جۆرانە:
١- لە ئیگزیتەر بەفرەکی زەر باریبوو
٢- کچەکەم دەیگوت بابە ئاگات لەیە بەفرەکی زەر
لە ئیگزیتەر باریوە؟
٣- بەڵام من لەجیاتی هەمووان، ساڵەکیان لە جیاتی هەمووان
لە ئیگزیتەر بەفرەکی زەر باریبوو زەر گریام
٤- من ساڵەکیان لە ئیگزیتەر کە بەفرەکی زەر باریبوو
بۆی گریام
٥- کچەکەم شاهیدە ئەو ساڵەی لە ئیگزیتەر بەفرەکی زەر
باریبوو من گریام
٦- لە ئیگزیتەر بەفرەکی زەر باریبوو
٧- کچەکەم دەیگوت بابە کە بروامان پێ دەکات بڵێین
ساڵەکیان لە ئیگزیتەر بەفرەکی زەر باریوە؟
٨- ئەو ساڵەی لە ئیگزیتەر بەفرەکی زەر باریبوو زەر گریام
٩- کچەکەم شاهیدە ساڵەکیان لە ئیگزیتەر بەفرەکی زەر
باریبوو، بۆی گریام
١٠- لە خەونمدا زستان بوو؛ بەفرەکی زەر لە ئیگزیتەر
باریبوو کچەکەم دەیگوت بابە چاوت لەیە بەفرەکی زەر
لە ئیگزیتەر باریوە!
ئەم هەموو لە لایەك، لە لایەکی تریشەوە گەر بینە سەر ناوەڕۆکی ئەم شیعرە؛ ئەوا دەبینین لەسەر یەك خاڵ دەوەستێت و جەخت دەکاتەوە کە ئەویش ئەوەیە:(هەمووان لە یادیان کرد بڵێام من لە بیرم نەچووەو)، ئەم لەکاتکدایە کە هەر زوو لە شیعرەکانی تری شاعیردا بەر ئەم واتایە دەکەوین و لامان نوێ نییە، بە نموونە شاعیر لە شیعری خەدیجەدا دەڵێت:
بڵێام من لە ڕەما ئەو ڕۆژانەی وەک سەگ لە چارە نووسی خەم
هەڵدەهاتم تەم لەیاد بوو

یان لە شیعری (نەینەوا) دا دوو بارە سەبارەت لە یادنەکردن دەڵێتەوە:
بەڵام ئەوەی قەت هەور نابەتەوە یادەوەریی تۆیە کە وەک ئەسپی چەمووش لەناو سەرماندا دەحیلێنێت
هەروەها خاڵێکی تری هاوبەش و دووبارەی شاعیر لەم شیعرەدا بە بڕوارد بە شیعرەکانی تری ئۆیە کە بە چەندان جۆر دەگەڵێتەوە و دووپاتی سەختییەکانی ژیانی رابردووی خۆی دەکاتەوە، بە نموونە لەم شیعرەدا دەنووسێت:
ترسی خنکان لە ناو بەلەمەکاندا
ترسی مەرگ لەسەر سنوورو لەناو
کەگەی مینەکانا بەس نەبوو؟
من بەراوردی ئەم خەمە تاکەکەسییە بچوکانە بە مەرگەساتە گەورەکانی مرۆڤکانی دەوربەرمان ناکەم، بەڵام ئەو جارێکی تر بە نموونە لە شیعری (خەدیجە)شدا دەڵێت:
یادگاریی ئەو ڕۆژانەیە کە بە خەمناکی لە کاسەوە سەیری دەڤەرمان دەکرد
لە پاتراوە سەرنجی ئەو کەشتییانەمان دەدا کە بە دەریادا دەیانفیشکاند و بەرەو ڤینیس دەڕۆیشتن
بەناو کەگەی پەتاتەدا دەڕۆیشتین و یادی شلەی پەتاتەی داپیرە دەیگریاندین
هەروەها خاڵێکی تر کە لەردا جێی باسە ئۆیە کە کەرەسە شیعرییەکانی بە گشتی زۆر نزیکن لەیەکەوە، بە بەکارهێنانی ڕووداوە میژوویی و ئاینییەکان (چ بەکارهێنانی ناوی پێشواکان یان جەنگەکان یان شوێنەکان بێت) وەک: ئەرشەلیم و کەعبە، مەدینە، کەربەلا، کەنعان ، یوسف و ئەندەلوس، یەزید، حوسێن، قابیل ، یەهودا …تاد، لە لایەکی تریشەوە خیتابی ڕاستەوخۆی دەق بە: یان کچە یان خوشك یان خەدیجە یان زوڵەیخا …کە لەڕشدا خوێنەری زیرەك هەست بە هەبژاردنی وردی شاعیر دەکات بە بەکارهێنانی ئەم ناوانە و کاریگەریی لەسەر سەزو هەستی خوێنەر، چونکە بە گشتی توخمی مەینە هەستەوەرترو ناسکترن و زیاتر جێی بەزەیین کاتێك وەکو کەرەستەیەکی شیعری سوودیان لە وەردەگیرێت، یاخود دووبارەکردنەوەی تیمای (جەنگ) و تێکەڵکردنی بەبارە سەزداریەکە لە زەربەی شیعرەکاندا دووبارە دەبنەوە، هەروەك لەشیعری (نەینەوا)شدا بەر ئەم هەقیقەتە دەکەوین و کتێبێکیشی هەر بەو ناوەوە (تە مەچە بە شەڕ) چاپکردووە، کەواتە لەرەوە دەکرێت بڵێین زەربەی شیعرەکان درێژکراوەی یەکدین، بەڵام ناشکرێت هەر لەسەر ئەو شێوازە هەموو شیعرەکان بهێنرێنەوە، هیوادارم ئەم قسانە دەی شاعیر زویر نەکات تا بە جارێك هەر سەر

بکاتە ڕەمان و شیعر فەرامۆش بکات، بەڵام ئەم ڕەخنانە بنیاتنەر دەبن گەر بە دەگمەکی فراوانەوە وەربگیرێن و بخوێنرێنەوە، چونکە لەماندا خەڵك تاقەتی خوێندنەوەشی نەماوە، چونکە هەموو شتەکان بە بەها کراون و حەزی ژیان و داهێنان و بنیاتنان لای خەڵکەکان یان مردووە یان کوژراوە.
ئەوەی جێی گوتنە دابەزینی ئاستی شاعیرە بە پێی هەڵی زەمەنی نووسینی شیعرەکان، بەوەی یان زیاتر دووبارەکردنەوەی بابەتەکانی پێشوو و دنیابینی و زاراوەکانە بە جۆری هاوشێوە، یان نووسینەوەی هەمان هەست و سۆزی ڕابردووە لە شیعرەکی نوێدا بە هەمان فۆرمی پێشوو، لەم حاڵەتەشدا شاعیر ناتوانێت جیاوازبوونێك بخولقێنێت و ئەو سنوورە ببەزێنێت کە کەتی ئەندێشەو ئەفراندنەکانی تێیدا قەتیس ماوە، یاخود بە بارەکی تردا ئەوە هەر قەناغێکی دیاریکراو بوو کە مەرگەساتەکان شیعری جوان و نوێیان بە شاعیر نووسی و ئەو زەمەنە لەگەڵ پیس بوونی ڕووی ژیاندا تێپەڕی و گەڵانەوەی ئەستەم، یاخود کاریگەریی پەڵەتیک و کەشکانی ڕەژن ئەو تەمەیان خستووەتە سەر مەرگی هەڵقوڵینی کانیاوی بەهرە تازەوبووەکانی شاعیر! پرسیاری تریش زەر هەن بەڵام ئەوە بە تەنیا هەر شاعیرە بە شیعرەکانی دەتوانێت هەموو ئەو ئەگەرانە بەوێنەتەوەو حەقیقەتی گومانەکان پوچەڵ بکاتەوە، ئەگەرنا ئەوا ئەمە بە وەڵام دەش دادەنین!